# بۆ ژنی دووجار چەوساوە

**سیروان بابەعەلی**
17نۆڤەمبەر2007



نازدارەکەم ؛
لەخەوشی چاوچنۆکیتە
کەوا بەکەم
ڕاڤەی ئەوینی بەرز دەکەیت ،
زۆر بەئەستەم
پێی مەست دەبیت..
یان زادەی هەستی برسییتەو
زیاترم لێ داوادەکەیت !
ئازیزەکەم ، با تێتبگەم ؛
گەر من بۆ تۆ.. وەك تۆی بۆ من ،
یاخود هەرگیز ،
ناگەیتە دامێنی خولیام ،
جێگات نییە.. بۆ ڕازی ڕەبەن و تەنیام ؟
یاخود زاری هاوارەکانت دوراوە ،
تا تۆش وەك من ، وەك منی پیاو
پڕ بەگەرووت.. ئەوینی خۆت
بدەیت بەدەم ڕەشەباوە ؟!
لەنووزەتا ، ناپیاوی خۆم بەدیی دەکەم ؛
لە بەندییتا..
کەهەڵکورماوییت دەبینم ،
کە لە زامی پشتی ڕەوانت دەڕوانم ،
ئاهی بەرزی حەسرەتەکانت دەبیستم ،
خۆم بە جەللادو.. بە دەعباو.. بەجانەوەر دێتە پێشچاو
بەهەموو شت ، جگە لە پیاو !
گلێنەکەم ؛
ئەی پێناسەکەی شێواوم..
من دەمەوێت
لە پچووکییتدا گەورە بم ،
لە گەورەییتدا بچك بم..

ئەوسا مەگەر لەسەنگی پێناسەی خۆم بم !
من دەخوازم ،
گەر گەدەی خواستت برسی بوو
ببمە پارو لەنێو ڕابوونتا فەنا بم ،
ببمە وزە بە پشکوتنت خەنی بم ؛
گەردنی بەرزت سەرمای بوو..
لەجیاتی کۆت
ببمە ملپێچ
نە جێتبێڵم.. نە بهێڵم کە سەرمات بێت ،
تا نەهێلم ، ئاوازو ڕیتمی بەنازت
لەپەل بخرێت.. لەگۆ بخرێت !
هەرئێستا بڕیارم داوە ؛
پەلی تەنهایی دەگرم و
دەچم بۆ ماڵی تاریکیی و
کوختی ڕازە هەتیوەکان ،
ناهێڵم ، بەبێ نرخ بژێن ،
وا گشتمان دێین
بۆ نێو بۆکسی پەژموردەییت
بۆ ناو شەختەی دڵی تارت ؛
هەتا لەوێ ، بە ئومێدی
تیراژی سپێدەی هیوات ،
بە تیشکی ڕوناک و گەرمی
دڵی تار و مات و مت...مان
بەسوێ بخات !
ئەوسا ئەگەر ،
بە تیشکەکانت بسوتێین ،
کەسێتییمان ،
لە نێو تانە و قین و جەوری
هزرە نەخۆش و پیرەکان ، کەنەفت بین
بە بیری ڕەشیان بپروێین ،
هەر قازانجە ، چونکە دواجار..
ئەو ڕوخساری دزراوی تۆ

بۆ جەستەی ناسۆرەکانی دڵی زیندوو دەگێڕمەوە !
ئەوسا ئیتر
من دڵنیام ،
هەر ساتێك کە لەپشتەوە
شادییەکەم لێ زەوت دەکات ،
هێندەی ئەوە ئەفسوس نابێت ،
کە نێو باوەشی میهری تۆ
لە یەك نازدا خەنیمدەکات !